**بە نـاوی خـوای بەخشـندەو میهرەبـان**
**بە نـاوی گەلــەوە**
**ئە نجـومەنی نیشتمانیی کوردســتانی عێـراق**
**ژمارەی بــڕیــار : ١٣**
**رۆژی بــڕیــار : ٢٠٠٢/١٠/٣**

## " بڕیــار "

پشت بە حوکمەکانی برگە (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) و لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ، ئەنجومەن لە دانیشتنی رۆژی (٢٠٠٢/١٠/٣) یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا :

یەکەم : دەسەلأت دەدرێت بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق کە بە پێی هەل و مەرجی دارایی و ئابووری هەرێم رێژەی باج و رسوم و کرێ کە لە یاسا و بڕیارگەلی بەرکارخراوی هەرێمدا هاتوون ، هەموار بکات.

دووەم : دەسەلأت دەدرێت بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان رسومی نوێ لەسەر ئەو خزمەتانەی کە وەزارەت و دەزگا و دایەرەکانی هەرێم پێشکەشی دەکەن ، ئیلغا بکات یان بسەپێنێ.

سێیەم : سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بۆی هەیە رێنماییگەلی پێویست بۆ ساناکردنی بەرکارخستنی حوکمەکانی ئەم بڕیارە دەربهێنێ.

چوارەم : هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە بێت ، ناخرێتە بەرکار.

پێنجەم : ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچوونیەوە تا ٢٠٠٣/١٢/٣١ دەخرێتە بەرکار و لە وەقایعی کوردستانیشدا بلأو دەکرێتەوە.

**د. رۆژ نـوری شـاوەیس**
**سـەرۆکی ئە نجـومـەنی نیشـتمانیی کوردسـتانی ـ عێـراق**